## ڕونکردنەوەیەک لە ڕاگەیاندنی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان:

سەبارەت بەو دانیشتنەی کە رۆژی (2007/5/19) لە سەنتەری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی زانکۆی سەلاحەدین لەهەولێر سازکرا، دیارە ئامانج لە ڕێکخستنی ئەم کۆبوونەوەیە لەلایەن کۆمەڵێک، زۆر ڕوون نییە، جا بۆئەوەی تەفسیرو لێدوانی هەڵەی لەسەر نەکرێت و جەدەلێکی بێ بنەمای لێ نەکەوێتەوە بە پێویستی دەزانین لەم بارەیەوە ئەم ڕوونکردنەوەیە بدەین.

لە ڕێکەوتی 2007/5/3 کۆمەڵێک ڕێکخراو بەم ناوانەی خوارەوە:

1. ماڵی روناکبیری سەلام
2. ڕێکخراوی ژیانی نوێ بۆ ژنانی ئەنفال
3. ڕێکخراوی ژین دروست
4. ڕێکخراوی داکۆکی لە قوربانیانی هەڵەبجە
5. ڕێکخراوی شەهید ئارام
6. رۆژنامەی بەرگری
7. ڕێکخراوی چاودێری پەراوێزکەوتوەکان
8. سەنتەری توێژینەوەی ئەنفال
9. سەنتەری رۆشنبیری نالی
10. تیپی مۆسیقای شنروێ

سەردانی وەزارەتیان کرد و لەلایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان پێشوازیان لێکرا.

لەو دانیشتنەدا نوێنەری ئەو کۆمەڵە ڕێکخراوە بە وەزارەتیان ڕاگەیاند کە بەمەبەستی بەجیهانی کردنی تاوانی ئەنفال و ناساندنی وەکو جینۆساید لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی کۆمەڵێک ڕێکخراو لە سنوری سلێمانی کەمپینێکیان پێکهێناوە هەر بۆ ئەو مەبەستە داوای هاوکاری و پشتیوانیان لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان کرد ،هەروها لە میانی قسەو باسەکاندا لەلایەن وەزیرو ئەندامانی میوان جەخت لەسەر ئەوەکرا کە هەوڵبدرێت ئەم کەمپینە فراوان بکرێت و ڕێکخراوەکان لە گشت پارێزگاکانی کوردستان بانگهێشت بکرێن .بۆ ئەو مەبەستە وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان پێی ڕاگەیاندن کە لە ئایندەیەکی نزیک وەزارەت هەڵدەستێت بە سازدانی دانیشتنێک و بانگهێشت کردنی زۆربەی ڕێکخراوەکان بۆ بەشداریکردن لەم کەمپینە.ئەوە بوو ئەم دانیشتنە لە (2007/5/29 ) بەئامادەبوونی نوێنەرانی وەزارەت و ئەم کەسایەتی ڕێکخراوانەی خوارەوە ئەنجام درا:

1- کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان.(KRA)
2- ڕێکخراوی چاودێری ژنی کورد لەبەریتانیا.
3- پرۆگرامی IREX ی ئەمەریکی..
4- ڕێکخراوی دەریا لەدهۆک.
5- سەنتەری توێژینەوەی ئەنفال.
6- ڕێکخراوی دەنگی پیران.VOP

7- رێکخراوی ژیانی نوێ بۆ ژنانی ئەنفال.
8- سەنتەری ئەنفال.
9- ر. چاودێری پەراوێزکەوتوەکان.
10- رێکخراوی شەهید ئارام.
11- رێکخراوی پاو.PAO
12- ر.تواناسازی لاوان.
13- رێکخراوی روناهی.
14- ناوەندی ئایندە بۆ پرسەکانی گەنج.
15- ر.ئەنفالەکانی کوردستان.
16-یونامی.HRO
17-بنکەی رۆشنبیری نالی.
18-فیدراسیۆنی رێکخراوە قوتابی و خوێندکاریەکان.
19-ماڵی روناکبیری سەلام.
20-کۆمەڵەی گۆڕی بەکۆمەڵ.
21-ناوەندی چاک(تەنها لەسەر ئاستی نێوخۆیی.)
22-سەنتەری رۆشنبیری بلێ.
23-پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسیەکان.
24-کۆمەڵەی قوربانیانی چەکی کیمیاوی لەهەڵەبجە.
25-ر.ڤەژین بۆ ئافرەتە بەجێماوەکانی ئەنفالی بارزانیەکان.
26-سەنتەری رەوەندی کورد لەئەوروپا.
27-کۆمەڵەی گوڵانی سویدی.
28-سەنتەری روناکبیری لاوان.
29-رێکخراویRKR ی نەرویجی.
- 30گروپی کوردی لەرێکخراوی دژ بەرەگەزپەرستی(راسیزم )

| | |
|---|---|
| 31-لەتیف فاتح فەرەج | نوسەر و رۆژنامەنوس |
| 32-عمر محمد | سەرنوسەری ئەنفالستان |
| 33-حسین گەرمیانی | نوێنەری ئەنفالکراوەکانی گەرمیان |
| 34-عگا حسین | نوێنەری ئەنفالکراوەکانی قەرەداغ |

لە کۆنفرانسەکە پرسی سازدانی کەمپین یا تۆڕێک خرا بەر باس و لێکۆڵینەوە بەتایبەتی بۆ ئەو رێکخراوانەی کە بابەتەکە لەلایان تازە بوو داوایان لێکرا کە بەشداربن لەو کەمپینە بۆ فرەوانکردنی و دواتریش هەوڵبدرێت بانگهێشتی ئەو کۆمەڵەو رێکخراوە کوردستانیانە بکرێت کە لە وڵاتی ئاسیا و ئەوروپا و ئەمریکا چالاکی دەنوێنن، بەشێوەی مەبدەئی ئەم کارە لەلاین زۆربەی رێکخراو و کەسایەتیەکانی ئامادەبوو، بەکارێکی پیرۆز لەقەڵەم دراو ئامادەیی خۆیان نیشان دا بۆ هەموو جۆرە پشکداری و هاوکاریەک.بەڵام سەبارەت بە پەیرەو پرۆگرام و شێوازی کارکردن و ناوی ئەوگروپە کە کەمپین بێت یا تۆڕ یاخود نێتۆرک وەکو لەلایەن ئامادەبووان پێشنیار کرا هەروەها سەبارەت بە بەشداری ڕاستەوخۆی وەزارەت یان نا کۆمەڵێک بۆچوونی جیاواز هەبوو ،بریار درا لیژنەیەکی نوێنەرایەتی لە

ئامادەبووان پێکبهێنرێت ئەم لێژنەیە ئەرکی ئامادەکردنی پرۆژەی کارو پەیرەو پرۆگرام و ئامانجی کارکردنی ئەم گروپە بێت. لە کۆتاییدا بەرازی بوونی گشتی، ئەندامانی لێژنەکە لەم بەرێزانەی خوارەوە پێکهات:

1. محمد سۆڵەیی — ماڵی روناکبیری سەلام
2. حسین گەرمیانی — نوێنەری ئەنفالکراوەکانی گەرمیان
3. زەمان عەبدە — نوێنەری ئەنفالکراوەکان
4. هدار زوبێر — رێکخراوی ڤەژین
5. ئەنوەر عمر — سەنتەری ئەنفال
6. رێکار مزوری — نوێنەری ئەنفالکراوەکانی بارزان
7. گوران شێخ مستەفا — نوێنەری وەزارەت

بریاریش وایە ئەم لێژنەیە لە ماوەیەکی کەم ئەو ئەرکەی پێیان ڕاسپێردراوە جێ بەجێی بکەن و دواتر لە دانیشتنێکی تردا و بە ئامادەبوونی گشت رێکخراوەکان و پێکهاتەکانی پێشو موناقەشەی ئەم پرۆژەیە بکرێت و ناوی گروپەکە و ئامانج و شێوازی کارکردن و ڕۆلی حکومەت لە دانیشتنەکەدا بە کۆی دەنگ یەکلا بکرێتەوە.